پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە پێوە دوو وتاری دەدا، ودانیشتنێکی دەخستە نێوانیانەوە

لە عبداللەی کوڕی عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە پێوە دوو وتاری دەدا، ولە نێوانیان دادەنیشت»، ولە گێڕانەوەیەکدا: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە پێوە دوو وتاری دەدا، ودانیشتنێکی دەخستە نێوانیانەوە».

[صەحیحە بە ڕیوایەتیەکەیەوە] [بەیهەقی گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ڕۆژی جومعە کۆبوونەوەیەکی مەزنە بۆ خەڵکی هەموو شارێک، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نیشانەکانی دانایی وحیکمەتی دوو وتاری دەدا، ڕێنموێنیانی دەکرد بۆ ئەنجامدانی خێر وچاکە، وئاگاداریانی دەکردەوە لە شەڕ وخراپە وزیان، دوو وتارەکەی بە پێوە دەفەرموو لەسەر مینبەر، بۆئەوەی باشتر فێری ببن ولێی تێبگەن، وهەورەها نیشانەی بەهێزی ومەزنی ئیسلامە کە مسوڵمانان هەموویان گوێ بۆ وتاربێژ دەگرن کە ڕێنماییەکانی قورئان وسونەت بۆ خەڵکی باسدەکرێت. ئەگەر لە وتاری یەکەم تەواو بووایە، ماوەیەکی کەم دادەنیشت بۆئەوەی پشوویەک وەربگرێت، وتاری یەکەمی لە وتاری دووەم جیا دەکردەوە، وپاشان هەڵدەستا و وتارێکی تری دەدا؛ بۆئەوەی وتاربێژ ماندوو نەبێت، وگوێگر بێزار نەبێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5399